# تیابچیت! گەردنی هاوڕێکەت پچڕاند

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک باسکرا لە کاتی ئامادەبوونی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەویش بە خێر وچاکە ستایشی کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: «تیابچیت! گەردنی هاوڕێکەت پچڕاند»، ئەمەی چەندجارێک دووبارە کردەوە: «ئەگەر نەکرا یەکێکتان ستایشی کرد ئەوا با بڵێت: پێم وا بێت ئاوا وئاوایە ئەگەر پێی وا بێت بەو شێوەیە وخودا لێپرسینەوەی لێدەکات (لەسەر کردەوەکانی)، وبڕیار نادەم لەسەر ویژدان (وچارەنووسی) هیچ کەسێک لە پێش خوای گەورە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە چەندەها ڕێنموێنی پیرۆزی تێدایە لە سونەتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، مسوڵمان پێویستە دوور بێت لە زیادەڕەوی کردن لە وەسفی مرۆڤەکان، چونکە ئەم دەرگایە شەیتان لێیەوە دێتە ژوورەوە ومرۆڤ تووشی سەرسامبوون و خۆبەگەورەزانین دەکات وتیا دەچێت، پێویستە مسوڵمان مامناوەند بێت لە وەسف وستایشکردندا ودەبێت ڕاستی مرۆڤەکان بۆ خوای گەورە جێبهێڵێت چونکە تەنها خودا -سبحانه وتعالى- سەبارەت بە نهێنی نەفسەکان دەزانێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee